# ئەم ڕێکەووتنە...ڕێ..کەو..تنە !!

**حەسەن سەیدباقی**

**سەرت لەوەسوڕنەمێنێ کە بە پچڕ پچڕی ئەم ووشەیەم نووسیوەتەوە!!من شارەزایی زمان نیم، تا ووشەکان شەن و کەوکەم. هەر هێندە ئەم ووشەیە بە فەنتازیای بیری( هزری ) خۆم ئاوها دەنووسمەوە.**

**بەدرێژایی مێژوو هەموو دانووسان و ڕێکەوتنێك کە هەبووە لە نێوان بەرە دژەکاندا، دوو مرۆڤدا، دوو خۆشەویستدا کە کێشەیان هەبووبێت ..ڕوویەکی پۆزەتیڤانەی هەبووە وهەیە. لە مێژووی کوردیشدا هەمیشە دانووستان و کۆبوونەوەکان کە کراوە، ڕێکەووتنەکان ئاشکرا کراوە لەلایەن لایەنە ناکۆکەکانەوە، ڕێکەوتن بووە لە نێوانیاندا، بەوشێوەی کە ویستوویانە.**

**لەڕۆژگاری ئەمڕۆشدا هەموو تاکێکی کورد گوێ قولاغە چی ڕوودەدات ، چی دەگوزەرێت لە گۆڕەپانی سیاسی، هەرێمی و ناوخۆیی‌دا.. بابەتی ئەم دەمە کە زیاتر تێڕوانین و شرۆڤە هەڵدەگرێت.. ڕێ... کەو... تنە!**

**ڕێ... بەمانا ساناکەی ڕێگاو هاتووچۆی مرۆڤە، چەند کۆسپ و چاڵ و چۆڵی کەمتر بێت هێندە ساناتر و خۆشترە بۆ هامۆشۆکردن ، وە ڕێش ڕێبازی خەباتی کۆمەڵە بۆ نەمانی چەوساندنەوەو گەشتن بەئامانجە دیاری کراوەکان. بەڵام ئەوەی لای ئێمە گرنگی نەماوە خەبات و تێکۆشانە، دژ بەستەمکارو دوژمنان، وە ڕێگەش ئاوەژۆ کراوە. ئەمڕۆ کوردستان بووەتە کێڵگەی ساغکردنەوەی سیاسەت و جێگای ماستاوچییەکانە ، جێگەی ئەوانەیە کوردستان فرۆش و بەکرێگیراوی ئەرکیان و ئامانجیانە.. هەر بۆیە کە ئێمە لەبڕگەی دووەمی ووشەکەداین.. کەو..کەوەکەین.. حەزمان بە خوێندنە بۆ گرد کردنەوەی براکانمان تا دوژمنان بە ئاسانی نیشانمان لێ بگرنەوە بینە ئامانجیان... بۆیە ئەوەی واقعی بێت هاوڕایی نیە، یەکگرتوو نین. واتە بڕگەی کۆتایی ..تنە.. کە بەکرمانجی واتە نییە!! من شیکەرەوەی ووشەو زاراوەی کوردی نیم. بەڵام هێندە گفت و بڕیار دوای ڕێکەوتنەکان درا، هەمووی بێ ئومێدی دەبەخشیە جەماوەری ستەمدیدەی وولاتەکەم. چەندین جار لەسەر ئەو بڵندگۆیەوە کە پەیمانەکان پەخش دەکرێت گفت و پەیمانی تر دەبەخشرێتەوە، نازانم جەماوەر بەگێل دەزانن یا خود خۆیان و دەستەو دایەرەکەیان، گومانی تیا نییە بڕگەی دووەمە. هەر بۆ زانیاری لەم ڕۆژانەدا کە خوێندکاران و قوتابیانی کوردستان، وەك بەشێکی ئەم کۆمەڵگایە کە بەشی هۆشیاریان پتر پێ بڕاوە ناکۆکی ناتەباییان دەرخست، ئەوەش واقعی ئەو کۆمەڵگایەیە، کە ئەمە سەرەتای پرۆسەیەکی دیموکراتی بێت، لەبەشێکی کەمی کۆمەڵگاو حیزبەکانیانەوە، دەبێت چاوەڕوانی چی بکرێت بۆ داهاتوو لە پرۆسێسە هەمەلایەنەکەدا. کە بۆخۆی چێشتی مجەورە، گومان لامان نییە هەروەك ئەوەی دیومانە دەیبینینەوە. نەك وەك ئەوەی شەقی زەمانەیە بەناوی.. ڕێ...... *کەو*........ تنە.... من ئەمە دەڵێم، ڕەشبین نیم بەرامبەر داهاتووی گەلەکەم. چونکە گەل و حیزب دوو ڕێگەی جیاوازن دوو پرۆسەی یەك نەگرتوون.**

**ئەڵمانیا دێسەمبەری** 2004